

# قفڵێکی هۆشمەند خۆی دەرگا دادەخات

لەو کاتەوە تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ گشتگیر بووە و هەموو بەشێکی گرتۆتەوە، قفل و کلیلیش یەکێک بوونە لەو ئامێرانە کە گۆڕانکار تێدا پێکهاتووە، ئێستا قفڵ و کلیلی هۆشمەند بەرهەم هاتوون کە لە ڕێگای مۆبایلەوە و لە دوورەوە دەکرێنەوەو دادەخرێن. لە هەڵسەنگاندنی گۆڤاری تایمدا بۆ باشترین تەکنەلۆژیەکانی ٢٠١٨ ناوی Au-gust Smart Lockیش هاتووە، قفڵێك کە لەگەڵ مۆبایل بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە لە پەیوەندی دایە و لە دوورەوە دەکرێت دابخرێت و بکرێتەوە، ئەم قفڵە ئەگەر بێت خاوەنەکەی لەبیری نەبێت دەرگاکەدا بخات و بچێتە دەرەوە ئۆتۆماتیکی دەرگاکە دادەخات، ئەگەر هاتەوەش بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بیکاتەوە، دەکرێتەوە. جگە لەوەی کە بەهۆی مۆبایلەوە دەکرێتەوە، دەکرێ لە بەدەنگی بەکارهێنەرکەش دابخرێت و بکرێتەوە و لەگەڵ سیستەمی بڵندگۆی ئەلیکساش لە پەیوەندی دایە و بەکارهێنەر دەکرێت لەوسەری دونیاش دەرگاکەی دابخات و بکاتەوە.

# دەستبەندێک بۆ تەرککردنی خووە خراپەکان



جار هەیە یەکێك بەبێ ئەوەی کە بە ویستی خۆی بێ یا حەزی لێبکات تووشی خوویەکی خراپ دەبێت، وەك ئەوەی کە بەردەوام نینۆکی بەدەم دەقرتێنێ، یان پەنجەی دە لووتی دەخا، یا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازاری خۆی دەدا و بەردەوام خۆی دەخورێنێ، ئەو خووە خراپانەش سەرچاوەکەیان سترێسی واتە دڵەڕاوکێی و نیگەرانی لەرادەبەدەرە.
گۆڤار تایمی ئەمەریکی دەستبەندی تەرك کردنی خووە نالەبارەکانیشی لە ریزی بژاردەکانی تەکنەلۆژیای ساڵی ٢٠١٨ داناوە.
بەرهەمهێنی دەستبەندەکە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بۆخۆی تووشی خوویەکی نالەبار بووە، لەگەڵ هاوسەرەکەی هەوڵیاندا ئامێرێك دابێنن کە هەم خۆی و هەم کەسانی وەك خۆی لەم خووە خراپانە دەست هەڵگرن بۆیە دەسبەندی جۆری skeenی بەرهەم هێنا، بەکارهێنەر دەتوانێ پرۆگرامی بۆ دابنێت هەرکاتێك بۆ نموونە دەستی بۆ قژی خۆی برد، دەستبەندەکە بلەرێتەوە، یان هەرکاتێك دەستی کرد بە نینۆك جوتن، دەستبەندەکە هۆشداری پێبدات.

# ئۆتۆمبێلێکی بچووک ب

کۆمپانیای ئامازۆن لەم ماوەیەدا ماشێنێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە بۆ یاری منداڵانە نییە، ئۆتۆمبیلە بچووکە کە بە AWS DeepRac-er ناسراوە، لە زەینی دەستکرد سوود وەردەگرێ، ماشێنێکە زۆر بچووکە و بەقەد ئۆتۆمبیلێکی یاری منداڵانەیە، بەڵام هەموو تواناکانی ئۆتۆمبیلێکی راستی تێدایە. ئەرکی سەرەکی ئۆتۆمبیلەکە ئەوەیە





# لاپتۆپێک ٢٠ کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت

کۆمپانیای LG لەم ماوەیەدا رایگەیاند کە بەهێزترین و کەم کێشترین لاپتۆپی بەرهەم هێناوە کە ١٧ ئینجە و کێشەکەی تەنیا ١,٣ گرامە. لاپتۆپەکە کە بە Gram ناسراوە، گۆڕانێکی گەورەیە لە جیهانی لاپتۆپدا، چونکە لاپتۆپی قەوارە مەزن وەك شاشەی ١٧ ئینجی بێگومان کێشیشی زیاتر بووە.

کوالیتی نیشاندان لە لاپتۆپەکەدا ٢٥٦٠ لە ١٦٠٠ پیکسلدایە.

لاپتۆپەکە دەکرێت شوێنی کۆمپیوتەری سەرمێز بگرێتەوە. خاڵی گرنگی لاپتۆپەکە لە راگرتنی شەحن دایە، چونکە بەپێی راگەیاندراوی LG باتری لاپتۆپی ناوبراو نزیکەی ٢٠ کاتژمێر بەتەواوی دانابەزێت. یادگەی ناوخۆی لاپتۆپەکە ٥١٢ گیگابایت و رامەکەی ١٦ گیگابایتە، پرۆسیسەرەکەی لەجۆری ئەنتەل و Core i7.

## ـــــــۆ راهێنانی شۆفێران

کە شۆفێران رابهێنێ کە هەڵەی کەمتر ئەنجام بدەن و بەباشی شۆفێری بکەن.. شۆفێر لە دەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە دەبێت لێی بخورێت و پاشان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرێك کە لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکە لە پەیوەندی دایە، دەستنیشانی هەڵەکان دەکات و رێنوێنی شۆفێرەکە دەکات. ئۆتۆمبیلەکە راستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت، کامێرایەکی تایبەتی تێدایە و لەکاتی رۆیشتندا فیلم هەڵدەگرێتەوە و بە سوود وەرگرتن لە نەخشەیەکی تایبەت لەمپەرەکانی سەر رێگا دەستنیشان دەکات.



## کڵاوێکی تایبەت بە پایسکل سواری

لە هەڵسەنگاندنی گۆڤاری تایم بۆ تەکنەلۆژیای ساڵی ٢٠١٨، کڵاوێکی ئەلکترۆنییە کە تایبەتە بە پایسکل سواری، ئەم کڵاوە چوار دەوری بە گڵۆپی LED دەورە دراوە و رەنگی گڵۆپەکان بە ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێن.



پایسکل لێخوڕین لە شەودا بەتایبەت لە شارە قەرەباڵغەکان لەگەڵ مەترسی مەرگ بەرەو روویە، پایسکل هیچ هێمایەکی سوڕانەوەی نییە، لە دواوەش هیچ گڵۆپێك نییە کە ئۆتۆمبیلەکان ببینن و خۆی لێ لادەن، بەڵام Lu-mos Kickstart Helmet ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات، داهێنەری کڵاوەکەش خۆی پایسکل لێدەخوڕێت و دەڵێت زۆر جاران تووشی مەترسی مەرگ بوومەتەوە بۆیە ویستم داهێنانێك بکەم کە بە بێ گرفت لە «خاڵی Aیەوە بگەم بە خاڵی B».

کڵاوەکە لە دوورەوە را دەبیندرێت و جگە لەوەش کاتێك پایسکل سوار بیەوێ بۆ لای راست یان چەپ باداتەوە، وەك فلاشی ئۆتۆمبیل لای چەپ و راست لێدەدات.


کڵاوەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و لەکاتی بادانەوە بۆ چەپ و راست فلاشەکانی تایبەت پێدەکات.

# ماوسی تایبەت بەگەیمی مایکرۆسۆفت



کۆمپانیای مایکرۆسۆفت گەورەترین دامەزراوەی بەرهەمهێنی سیستەمی ویندۆزە و هەروەها بەرهەمهێنی پرۆگرامە زۆر باو و ناسراوەکانی ئۆفیسە، چەند ساڵێکە هەوڵیداوە خۆی لە بەستێنی بەرهەمهێنانی سەختە ئامرازیش تاقی بکاتەوە، تەبلێت و لاپتۆپ و کیبۆرد و ماوسی بەرهەمهێناوە، بەرهەمەکانی مایکرۆسۆفت لە بواری سەختە ئامرازەوە لە ریزی باشەکاندا نایەن، بەڵام رچە شکێنی تێدا بەرچاو دەکەوێ. لەم ماوەیەدا مایکرۆسۆفت ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە یاری و گەیم.. ماوسەکە بە جۆری Microsoft IntelliMouse Pro ناسراوە، بەڵام ماوسەکە تەنیا رەوانەی چین کراوە و لە شوێنی دیکە نییە.

ماوسی ناوبراو بەرنامەی بۆ دادەنرێ و دەکرێت ٥٠ ئەرك لەخۆیدا خەزن بکات. هەر دوگمەیەکی بۆ پرۆگرامێك و چەند ئەرکێك دادەندرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل دەکرێت لە گشت شەحنکەرەوەیەك سوود وەربگرین، جیاوازی نێوان شەحنکەرەوەی ئەسڵی و عادی چییە ؟


خوێنەرانی بەرێز راستە لەنێوان ئەو گشت مۆبایلانەی کە بەرهەم دێن و هەتا ئێستا لە بازاڕدا هەن بەهۆی بڕیارنامەیەکی نێوانیان لە یەك جۆر شەحنکەرەوە سوود وەردەگرن ئەویش mini USBیە.. گشتیان یەکتر دەخوێننەوە، بەڵام ئەوەندەی هەیە وزەی باتری مۆبایلەکان وەك یەك نییە بۆیە باشتر وایە هەر مۆبایلێك لە شەحنی خۆی سوود وەربگرێ. جیاوازی نێوان ئەسڵی و عادی زۆرن، یەکەمیان عادی هەرزان باییە، دووەم پلاستیکی پێکهاتەکەی رێك و لوس نییە و دەست دەگرێ، سێیەم بە زۆری وایەریان ئەستورترە، چوارەم یان بێ لۆگۆن، یان لۆگۆی سەریان تۆختر نووسراوە...



## مەچەک بەندێک وەک ڕاهێنەرێکی وەرزشی

مەچەك بەند یان بازوو بەند یان هەر ناوێکی دیکەی لەسەر دابنێن بەو ئامێرانە دەگوترێ کە وەك بازن لەدەست دەکرێن، کاتژمێری دەست نین بەڵام لەشێوەی کاتژمێرن و زۆر ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەرکی زۆربەی مەچەکبەندەکان ئاگادار بوونە لە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی، زانیاری لەبارەی چالاکی رۆژانەی بەکارهێنەرەکەی وەك، پێوانی هەنگاو، لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسجین، سووتانی کالۆری..تاد. بەڵام مەچەکبەندی جۆری Moov Now لە گشت ئەو مەچەکبەندانە جیاوازە، ئەو هیچ شاشەیەکی نییە، بەڵکو لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، بەهۆی پرۆگرامێکەوە کەلەسەر مۆبایل دادەنرێت ئەرکەکانی دیاری دەکرێن، ئەرکی مەچەکبەندەکە ئەوە نییە هەنگاوەکان و چالاکی رۆژانەی بەکارهێنەر تۆمار بکات، بگرە خۆی وەك راهێنەرێکی وەرزشییە، بەردەوام لەگەڵ بەکارهێنەرەکەی دایە کە چ ئەرکێك ئەنجام بدات و چ وەرزشێك بکات. سیستەمی ناسینی جوڵەی سێ رەهەندی هەیە و لەکاتی وەرزشکردندا جوڵەی بەکارهێنەرەکەی دەناسێ، بۆیە بە دەنگ بە بەکارهێنەرکەی دەڵێت دەبێ چ وەرزشێك بکات، ئەو وەرزشانەی مەچەکبەندەکە دەبێتە راهێنەریان ئەوانەن، بەپێی رۆیشتن، راکردن و خێرا رۆیشتن، پایکسل لێخوڕین، مەلە و...تاد جگە لەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان، وەزعی خەوی بەکارهێنەرەکەشی هەڵدەسەنگێنێ و خەونوچکە و خەوی قوڵ لێکجیا دەکاتەوە.

خاڵی گرنگی مەچەکبەندەکە لە دابینکردنی وزە دایە، چونکە شەحن ناکرێتەوە بە هەر شەش مانگ جارێك باترییەکی کاتژمێری دەوێت.



# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی سایزی وێنە


ڕەنگە گۆڕینی سایز و قەوارەی وێنەیەك بە گشت پرۆگرامێکی دەستکاری کردنی وێنە بکرێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك وێنەت هەبێ و بتەوێ تەنیا بە یەك چرکە و یەك کلیك سایزەکەیان بگۆڕی، ئەوەیان ئەرکێکی ئاسان نییە، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە پرۆگرامی FastStone Photo Resizerە، ئەم پرۆگرامە خێراییەکی زۆری هەیە و قەوارەی خودی پرۆگرامەکەش کەمە. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ، پرۆگرامە بە تەنیا کاری گۆڕینی سایزی وێنەکان ئەنجام نادا بگرە، گۆڕینی فۆرماتی وێنە، هەروەها گۆڕینی ناوی وێنەکان بە کۆمەڵ، دەستکاری کردنێکی سادە و هەندێك توانای دیکەش ئەنجام دەدات.



## ماڵپەڕێک بۆ خزمەتگوزارییەکی گرنگ

ئەوانەی بەکاری نووسینەوە خەریکن، دەزانن فۆرماتی PDF چ گرنگییەکی هەیە، ئەم فۆرماتە وا دەکات نووسینەکەت بەئاسانی بەبێ تێکچوون لە ئینتەرنێت دابنێی، یان بۆ کەسێکی بنێری کە ئەو فۆنت و ستایلەی تۆی نییە بێ گرفت بیخوێنێتەوە.

بۆ دروستکردنی فایلی PDF پێویستت بە پرۆگرامێکی تایبەت بەوە، ئەگەر هیچ پرۆگرامێك لەبەردەستدا نەبوو ئەوە دەکرێت لە ماڵپەڕی smallpdf.com سوود وەربگری، لەم سایتەدا دەکرێ فۆرماتی pdf بکەی بە word و پێچەوانەش، دەکرێت وێنەیەك بکەی بە pdf دەکرێت فۆرماتی وێنەکان بگۆڕی، دەکرێت فایلەکانی pdf دەستکاری بکەی و زۆر ئەرکی دیکەش..



## تەبلێتێک بۆ نووسەر و خاوەن پرۆژەکان

ئەو پرسیارە زۆر جاران دێتە گۆڕێ، ئایا تەبلێت شوێنی کۆمپیوتەر دەگرێتەوە؟ ڕەنگە وەڵامەکە ئەوە بێت کە نەخێر، بەڵام لەڕاستیدا تەبلێتی زۆر بەهێز بەرهەم هێنراون کە شان بەشانی لاپتۆپ و کۆمپیوتەری بەهێز دەڕۆن. تەبلێتە نوێیەکەی سامسۆنگ واتە Galaxy Tab S4 ١٠,٥ کە خۆی قەڵەمی Sیشی لەگەڵدایە دەکرێت وەك لاپتۆپێك سەیر بکرێت کە کیبۆردی تایبەتی لەگەڵدایە لەو کاتەیدا کاری پێناکرێ وەك بەرگی تەبلێتەکەی لێدێ. بۆ ئەوانەی کە ڕۆژانە چالاکن و هەڵسوڕن و وەك کارەکانی ڕۆژنامەنووسی و هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرت و کاری نووسین و دەیێت بابەت تایبەت بکەن ئەم تەبلێتە هەم سووکە و هەم ئەرکی لاپتۆپێکیش ئەنجام دەدات.

ئەم تەبلێتە شوێنی دوو شاشی هەیە و دەکرێت مۆنیتۆرێکی دیکەش بە کێبڵی HDMI بەو تەبلێتەوە بلکێنی و لەسەر هەردوو شاشەکەش کار بکات. تەبلێتەکە شاشەکەی ١٠,٥ ئینجە و چوار بڵندگۆی لەسەرە دەنگێکی بەهێزی هەیە. ڕامەکەی چوار گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە، کامێرایەکی ١٣ میگاپیکسلی لە پشتەوە و یەکی ٨ میگاپکیسلیش لە پێشەوەیە.